

سەلوا عەبدولقەهار یاریزانی تۆپی پێی گازی باکوور

# ئەگەر وەرزش بەمشێوەیە بەردەوام بێت، بەنیازی ئەوەم بە یەکجاری واز بێنم



**شارەکانی کوردستان خاوەنی چەندین یانەی تایبەت بە ئافرەتانن لە یارییە جۆراوجۆرەکان، یانەی گازی باکووریش لە شاری کەرکووک بەردەوام گرنگی بە ئاست و توانای یاریزانان کچ دەدات لەسەر ئاستی شاری کەرکووک و شارەکانی تری کوردستانیش، یەکێک لە یاریزانە بەتواناکانەیش کە پاشە ڕۆژێکی باش لە چاوەڕوانی ئەودایە، کچە یاریزان سەلوا عەبدولقەهارە ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٨ی شاری هەولێرە و یاریزانی یانەی گازی باکوور و هەڵبژاردەی نیشتیمانی عێراقە پێشووتریش بۆ یانەی ئافرەتانی هەولێر یاری کردووە، سەلوا خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەسەر ئاستی کوردستان وعێراق ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** چۆن بوو هاتیتە نێو ژیانی وەرزشی؟**

-وەکو هەموو یاریزانێکی دیکە ئاشنابوونم بۆ وەرزش دەگەڕێتەوە بۆ قۆناخەکانی منداڵی، منیش وەکو زۆربەی یاریزانەکان سەرەتای تێکەڵبوونم بە وەرزش لە قوتابخانەکانەوە بوو.

*** بۆچی لەناو ئەم هەموو یارییە وەرزشییە جۆراوجۆرە یاری فوتساڵت هەڵبژارد؟**

- هەستم دەکرد زیاتر لەم یارییە دەتوانم ئاستی شایستە پێشکەش بکەم، بۆیە ئەم یارییەم هەڵبژارد.

*** ئاستی یاری فوتساڵ لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- بەهۆی نەبوونی پارەو پەرەپێدانەدانی لەلایەن یانەکان و سەرۆکەکان و لێژنەکان بەتەواوی ئاستی ئەم یارییە لە دابەزیندایە، ئەمەش هۆکارەکەی ئاشکرایە کە بۆچی بەم دۆخە گەیشتووە.

*** واتە هەست دەکەی ئەم یارییە پشتگوێ خراوە؟**

- بەداخەوە بەڵێ، بێگومان نەبوونی پاڵەوانیەتیش وای لێ کردووە، کە ببێتە هۆکار بۆ پێشنەکەوتنی ئاستی ئەم یارییە و بگرە پشتگوێخستنیشی.

*** مەبەستت ئەوەیە کەمیی پاڵەوانێتی ئێوە لەم یارییە سارد دەکاتەوە؟**

- بێگومان، ئێمەش یاریزانین پێویستمان بە کردنەوەی خولی بەردەوامە بۆ ئەوەی ئاستمان دانەبەزێت، ئەگەر هیچ خولێك نەبێت، ئێمەش بێزار دەبین لەم کاتانەدا یارییە وا بڕوات لەناو دەچێت.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی** کوردستان بەرز بکرێتەوە؟

-کردنەوەی پاڵەوانیەتی بەردەوام بۆ یاریزانان بۆ ئەوەی ئاستی یارییەکە بچێتە قۆناخی تازەوە، ئەمەش لەدەستی لێژنەی فوتساڵ و حکومەتە و دەبێ پەرە بەم یارییە بدەن، جگە لەوەش متمانەدان بە یانەکان بۆ ئەوەی یاریزانان بهێنن، هەروەها پەیداکردنی سپۆنسەر بۆ یانەکان، ئەگەر ئەم کارانە بکرێت، بێگومان ئاستی فوتساڵ زۆر بەرز دەبێتەوە.

*** گرفتی وەرزشی یاری فوتساڵ زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

-لە بێ پارەیی و گرنگیدان نەدان بە یارییەکانی وەرزشی ئافرەتان، ئەوانە هەمووی کێشەن لەبەردەم گەشەنەکردنی ئاستی وەرزشیی کچان لە شارەکانی کوردستان.

*** هیچ یانەیەك گرێبەستی پێشکەش نەکردووی؟**

- لەدوای یانەی گازی باکوور من لەگەڵ یانەی ئافرەتانی هەولێر گرێبەستم هەیە، بۆ هیچ یانەیەکی تریش یاریم نەکردووە، ئێستاش هیچ گرێبەستێکم بۆ نەهاتووە، چونکە هیچ یانەیەك پارەی نییە، جگە لەوەش خول نییە چۆن یاریزان بهێنێت.

*** لە ژیانی وەرزشیت بەهیوای چیت؟**

- هیوام نییە، چونکە ئەگەر هەر ببینم وەرزشیی تۆپی پێی بەم شێوەیە بێ بایەخ بێت، بەنیازی ئەوەم بە یەکجاری واز لە وەرزشکردن بێنم، چونکە هیچ خولێك نەبێت و مەشقەکانمان نەبێت، ئیتر بۆ وەرزش بکەم.

*** لە خێزانەکەت بەتەنیا وەرزش دەکەی؟**

- نەخێر، خێزانەکەمان هەموویان وەرزشوان بوون، بەڵام ئێستا تەنیا خۆم وەرزش دەکەم، ئەم قەیرانە ڕەنگە ئێمەش لە وەرزشکردن بێبەش بکات.

*** پەیامت بۆ بەرپرسانی وەرزشی چییە؟**

-تکایان لێ دەکەم کە پەرە بەتوانای وەرزشکاران بدەن، بەتایبەتی وەرزشی ئافرەتان، هیچ جیاوازییەك نابینم لە نێوان کوڕو کچ بۆ وەرزش، بۆیە دەبێ بەرپرسان وەکو یەك گرنگییان پێ بدەن وخولیان بۆ بکرێتەوە .

*** چۆن بوو پێوەندیت بە یانەی گازی باکوور کرد؟**

-ئەوان بەفەرمی داوایان لە من کردبوو بۆ یاریکردن منیش بەخۆشحاڵیەوە داواکەی ئەوانم قبوڵ کرد.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامی؟**

-بە هەریەك لە یاریزانان کریستانۆ ڕۆناڵدۆ و مەسعود ئۆزێل بە یاریکردنی ئەوان سەرسامم.

*** باشترین ئەنجامت لەگەڵ یانەکان چی بووە؟**

-بەدەستهێنانی نازناوی خولی تۆپی پێی یانەکانی عێراقی لە ١١ یاریزانی لەگەڵ یانەی گازی باکوور، بۆ من ئەنجامێك بووە کە شانازی پێوە بکەم.

*** لە کۆتاییدا دەتەوێت باسی چی بکەیت؟**

-سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵانی خۆشەویست، ئێوە هەمیشە پێشەنگن لە ناساندنی یاریزانان، سوپاس بۆ دایك و باوکم هەمیشە هاوڕێ و هاوکارم بوون لە هەموو شتێکی ژیانم و هیچ کات ڕێگرییان لێ نەکردووم لە وەرزشکردن.

دیمانە: کارزان کانەبی




# گرانترین یاریزانی تۆپی پێ




سەنتەرێکی سویسری، کە تایبەتە بە توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لە بابەتە وەرزشییەکان، لیستی گرانترین ١٠٠ یاریزانی تۆپی پێی بڵاوکردەوە، بەپێی ئەو گرێبەستانەی لەگەڵ یانەکانیان هەیانە. سەنتەرەکەش ناوی (CIES)ـەو چەندین پێشهاتەی چاوەڕواننەکراویش لە لیستەکەدایە، کە نێیمار داسیلڤای بەڕازیلی و یاریزانی یانەی بەرشلۆنە بە گرانترینیان دانراوە.

ناوی ١٠ یاریزانی یەکەم:

١- نێیمار (یانەی بەرشلۆنە، بەرازیل)
٢- مێسی (یانەی بەرشلۆنە، ئەرژەنتین)
٣- پۆگبا (یانەی مانچستەر یۆنایتد، فەرەنسا)
٤- گریزمان ( یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید، فەرەنسا)
٥- سوارێز (یانەی بەرشلۆنە، ئۆرگوای)
٦- هاری کەین (یانەی تۆتنهام، ئینگلتەرە)
٧- کریستیانۆ رۆناڵدۆ (یانەی ریال مەدرید، پورتوگال)
٨- دیبالا (یانەی یۆڤنتۆس، ئەرژەنتین)
٩- دێلی ئالی (یانەی تۆتنهام، ئینگلتەرە)
١٠-هازارد (یانەی چێلسی، بەلژیکا).



# زاخۆ بەهێز دەبێتەوە



هەرچەندە یانەی وەرزشیی زاخۆ ئەمساڵ ئاستی وەکو پێویست نەبووە لەخولی نایابی یانەکانی عێراقی سەرەڕای گۆڕینی دوو راهێنەری رۆمانی، بەڵام ئیدارەی یانەکە بێئومێد نییە لە ئاستی یاریزانەکانی کە لە قۆناخی داهاتووی خولەکە بتوانن ئاست و ئەنجامی پێویست بەدەست بهێنن، تیپەکەش بە هێنانی چەند یاریزانێك خۆی بەهێز دەکاتەوە، لەم بارەشەوە خەلیل ئەحمەد سکرتێری یانەی وەرزشیی زاخۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هێنانی ڕاهێنەری رۆمانی دورینیل مونتیانو بۆ ئێمە گرنگیی خۆی دەبێت، چونکە ناوبراو یەکێکە لە راهێنەرە بەتواناکانی وڵاتی رۆمانیا، ئێمەش هێشتا بێئومێد نەبووین لە ئەنجامی تیپەکەمان، بەڵام لەم قۆناخە گۆڕانکاری دەکەین و چەند یاریزانێکمان هێناوە، بە ئەوان و یاریزانەکانی خۆمان پێکهاتەیەکی تۆکمەتر دروست دەکەین، هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ ئەوەی بتوانین تیپی زاخۆ بە گەورەیی بهێڵینەوە و لە قۆناخی دووەم ئاستمان بەرز دەبێتەوە، ئێمە ئەگەر سەیری یارییەکانی داهاتووی تیپەکەمان بکەین، دەبینین ئاستی یاریزانەکانمان زۆر باش بووە، بەڵام وەکو ئەنجام خراپین و ناتوانین وەکو پێویست لە یارییەکان ئەنجام تۆمار بکەین.» لە بارەی گرفتەکانیش خەلیل گوتی: «ئێمە گرفتی ئەوتۆمان نییە و ئێستا سەرجەم یاریزانەکانمان لە یاریزانە بەتواناکانن لەسەر ئاستی عێراق، راهێنەری رۆمانییش دورینیل مونتیانو متمانەی تەواوی بە خۆی هەیە کە ئاستی زاخۆ بەرز بکاتەوە لە خولی عێراقی، چونکە گرێبەستی ناوبراو تاکو کۆتایی ئەم وەرزەی خولی نایابی عێراقەو ئێستاش ئەرکمان زیاتر قورس بووە کە زاخۆ تاکە تیپی کوردستانە لە خولی عێراقی، بۆیە هەرچی لەتوانامان‌دا بێت کەمتەرخەمی ناکەین لە پێشخستنی ئاستی توانای یانەی زاخۆ و هێشتنەوەی لە خولی نایاب.

# هەولێر بە کشانەوەشی دەرگا بۆ هەڵبژاردەی عێراق داناخات



دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشیی هەولێر بۆ یەکەمجارە لە مێژووی بەشداریکردنی لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی بڕیاری کشانەوەی لە خولەکە داوە، ئەمەش دەنگۆی زۆری لە شەقامی وەرزشیی کوردستان و عێراق دروست کردووە. ئەم کشانەوەیەی یانەی هەولێر لەدوای ئەوە دێت کە لەساڵی رابردوو لەیاری نێوان هەولێر و نەجەف بەهۆی ئەوکێشە نەخوازراوانەوە کە لە یاریگا روویان دا، یانەی هەولێر بڕیاری هاوبەشیان دا لەگەڵ یانەی زاخۆ بۆ ئەوەی بکێشنەوە لەخولی نایابی عێراقی، بەڵام دوای ماوەیەك زاخۆ لە بڕیارەکەی پاشگەز بووەوەو هەولێریش بڕیاری کۆتایی داوە بۆ ئەوەی ئەمساڵ بەفەرمی لە خولی عێراق کارەکانی هەڵپەسێرێت، ئێستاش کۆچی یاریزانانی یانەکانی هەولێر بۆ یانەکانی باشوور و ناوەڕاست چووەتە قۆناخی جێبەجێکاری، لەبارەی کشانەوەشی لە خولە گەورەکەی عێراق بێجان ئیبراهیم ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشیی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە بە هیچ شێوەیەك لە بەر هۆکاری دارایی پاشەکشەمان نەکردووە، بەڵام وەکو یانەی هەولێر نەمانویست ببینە بەشێك لەو کێشە تایفەگەرییانەی کە لەعێراقدا هەن، ئەم کێشانەش دەستی هەندێك لە سەرکردە شۆڤینییەکانی عەرەبی تێدایە کە دەیانەوێ لە رێگای یانەی هەولێرەوە پێوەندی نێوان شیعەو کورد تێك بچێت، بۆیە ئێمەش وەکو هەولێر کە پێوەندییەکی بەهێزمان لەگەڵ یانەکانی عێراق هەیە، نامانەوێ ببینە بەشێك لەم ململانێیەی لە عێراقدا بوونی هەیە، داوامان لە یەکێتی تۆپی پێی عێراقی کردووە بۆ ئەمساڵ چالاکییەکانمان هەڵپەسێرین، بەڵام لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی بمێنینەوە.» لەبارەی دابەزینی یانەی هەولێریش بۆ پلەی یەك بێجان گوتی: «تاکو ئێستا بڕیاری کۆتاییان نەداوە لەسەر دوورخستنەوەی ئێمە لە خولی پلە نایاب، چونکە ئەوە یەکێتی تۆپی پێی عێراق بڕیاری لە سەر دەدات.» لەبارەی کۆچی یاریزانانی یانەکەش بۆ یانەکانی دیکە بێجان گوتی: «یاریزانەکانمان هەمووی یاریزانی ئێمەن و بەشێکیان پێوەندییان بە خولی کوردستان کردووەو بەشێکیان پێوەندییان بە یانەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق کردووە بە شێوەی خواستن بە مەرج دواتر بگەڕێنەوە یانەی هەولێر.» لە بارەی هەڵبژاردەی عێراقیش بێجان گوتی: «دەرگامان کراوەیە بۆ هەڵبژاردەکانی عێراق و هەر کاتێك بیانەوێ یارییە نێودەوڵەتییەکان و مەراسیمەکانیان لە یاریگای ئێمە ئەنجام بدەن، پێشوازییان لێدەکەین، ئەوەشمان بە بەرپرسانی یەکێتی تۆپی پێی عێراقی گوتووە.» لەبارەی گرفتی سەرەکیی خۆشیان گوتی: «کێشە سەرەکییە یاری نەجەف نەبووە، بەڵام ئێمە دەزانین شتی تری بەدوای دێت، بۆیە ئەم بڕیارەمان داوە، ئێمە وەکو یانەی هەولێر دژی هیچ کەس و لایەك نین.




# حاتم عەلی دواجار بڕیاری دا

حاتم عەلی یاریزانی پێشووی یانەی وەرزشیی سلێمانی و یانەی دهۆك لە خولی نایابی عێراقی بەهۆی پێکانەوە بۆ ماوەی زیاتر لە نۆ مانگ لە یاریگاکان دوورکەوتەوە، دوای ئەوەی چەندین یانە پێوەندییان پێوە کرد بۆ یاریکردن لە ریزی یانەکانیان دواجار بڕیاری خۆی داو هەر لە شاری سلێمانی مایەوە. لە بارەی پێوەندیکردنی بە یانەی نەورۆزیش حاتم عەلی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من بۆ ماوەی زیاتر لە نۆ مانگ بەهۆی نەشتەگەریی ئەژنۆم لە یاریگاکان دوور کەوتمەوە، بەڵام سوپاس بۆ خوای گەورە ئێستا گەڕاومەتەوە بۆ دۆخێکی باشتر و دەستم بە مەشقەکان کردەوە بۆ ئەوەی بتوانم درێژە بە ئاستی خۆم بدەم، هەرچەندە چەند یانەیەك پێیان گوتبووم بۆ یاریکردن لە خولەکان، بەڵام دواجار من بڕیاری ئەوەم دا کە یاری بۆ یانەی نەورۆز بکەم کە لە شارەکەی خۆمە، گرێبەستەکەشم تاکو کۆتایی ئەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی کوردستانە.» گوتیشی: «من دەمەوێت لەگە یانەی نەورۆز و یاریزانانی ئەو یانەیە پێکەوە بتوانین ئەنجامێکی شایستە بەدەست بهێنین لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان بۆ ئەوەی منیش بتوانم لە رێگای ئەو یانەیە ئاستی راستەقینەی خۆم پێشکەش بکەم و بگەڕێمەوە ئاستە راستەقینەکەی خۆم، چونکە ماوەیەکی زۆرە لە یاریگاکان دوورکەوتوومەتەوە.

